# گۆران ساڵح :

## هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ دروست کردنی کلیپێك بۆ هونەرمەندێکی دەرەوە، چوار هێندەی هاوکاریکردنی هونەرمەندێکی ناوەوەی کوردستانە، بۆ تۆمارکردنی سی دی یەك.



**گۆران ساڵح یەکێکە لەو گەنجە تازە پێگەیشتوانەی کە توانی لە یەکەم بەرهەمیدا، جەماوەرێکی بەرچاو بە خۆی و هونەرەکەی ئاشنا بکات، لەساڵی ١٩٨٥ لە ڕواندز هاتۆتە دونیاوەو دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێرە، لە دیدارێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد.**

ئا : سەنگەر حوسێن

**کورتەیەك لە ژیانت ؟**

ـ لەدوای قۆناغی سێیەمی سەرەتاییەوە لە ڕواندزەوە هاتووینەتە هەولێرو لەساڵی(١٩٩٤)ەوە لێرە جێگیرینو ماوەیەك لە بەشی منداڵانی تەلەفزیۆنی کوردستان بووم، ئێستاش قوتابیم لە قۆناغی یەکەمی کۆلیژی هونەرە جوانەکانی هەولێر.

**ئاستی مۆزیك ژەنەکانمان بەتایبەتی مۆزیکژەنە لاوەکان چۆن دەبینی ؟**

ـ بەڕاستی هەموویان هونەرمەندی زۆر دەست ڕەنگینن، زۆر چاکن، گەنجی وامان هەیە لە تەمەنی سەرەتایە، کەچی مۆزیکژەنێکی بەتوانایە، دەتوانم بڵێم، ئەوانە لە ڕووی هونەری مۆسیقیەوە ئایندەی ڕوونی ئەو گەلەن، نەمردین ئەوەشمان بینی کە مۆزیککاری زۆر باشمان هەیە، ئەگەر لە دونیا مۆزیککاری ناسراو هەبێ ئەوە ئێمەش هەمانە، تەنانەت وایان لێهاتووە کە مۆزیك ژەنێك دوو هێندەی گۆرانیبێژێك ناسراوە، چونکە هونەرێکی چاك، پوخت، پاکی پێیە.

**تا چەند کەناڵە ئاسمانیەکان هاوکارن بۆ کلیپ کردنی بەرهەمی هونەرمەندان؟**

ـ لەگەڵ ڕێزم، تا ئێستا فێر نەکراوین، کە ڕای ڕاست، باش، لۆژیك قبول بکەینو بە چاوێکی خراپ سەیری دەکەین، من لەو واقیعەی کە بینیومە زۆر سوپاسی کەناڵە ئاسمانیەکان دەکەم، لە ئاستی پێویست دان بۆ ئەنجامدانی کاری کلیپ بۆ هونەرمەندان، بە پلەی یەکەمیش سەتەلایتی کوردستان.

**ئایا هەست بە جیاوازیکردنێك ناکەی لە نێوان هونەرمەندانی دەرەوەو ناوەوە لە هەموو ڕویەکەوە؟**

ـ من لێرەوە ناوی نانێم جیاوازی، ئەوەی کە خەڵك دەیبینێو گوێی لێ دەبێت، بەتایبەتی لە ناو توێژی هونەرمەندان، زیاتر دەتوانم بڵێم، ئەوان کاریان بۆ کراوە ئەتوانین ئەو حەقە بەوانیش بدەین کە ئەوان چەندین ساڵە لەوێ لە غوربەتا دەژین، ڕەنگە ماندووش بن، بەڵام بەقەدەر ئەو گەنجانەی کە لێرە دەژین گیروگرفتیان نەدیووە، بەڵام ئەوەی زیاتر بەرچاوە ئەو گەنجانەی لە ئەوروپان کە کاریان بۆ دەکرێت، یەك نموونە باس دەکەم، دوای ئەوەی من زۆر سوپاسی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەم کە هاوکاریان کردم، بەڵام هاوکاریکردنی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ ئەنجامدانی کلیپێك بۆ هونەرمەندێکی دەرەوە، چوار ئەوەندەی هاوکاری من بوو، بۆ دروستکردنی (سی دی)ەکەم، کە لەگەڵ من عەریزەکەی پێشکەشکرا بوو، ئەو بۆ یەك کلیپی بوو، من بۆ شەش گۆرانیم بوو، لەگەڵ

ئەوەی کە نیوەشم بۆ سەرف کرا، ئەمە ڕاستیەکەیەو بەڵگەشم هەیەو حەزناکەم ناوی هونەرمەندەکە بێنم.

**گۆرانی دەردی دڵم تا چەند واقیعی تۆی دەرخست؟**

ـ واقیع ئەگەر مەبەستت ناوبانگە، من زۆر بە شانازیو بە خۆشحاڵیەوە دەڵێم، **(دەردی دڵم)** بووە پردێك لە نێوان منو جەماوەر، **(دەردی دڵم)** هەشتا لەسەدی ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆم بوو، من دەڵێم، گۆرانی لەگەڵ واقیعی خەڵكو ڕۆژانە دابێت، چونکە سەرکەتوو دەبێت، ئەگەر هونەرمەند لە واقیعی خۆیو ئەو ژیانەی تێیدا دەژیت هەڵات، ئەوا بێگومان بەرهەمەکانی سستو لاواز دەبێت، ڕۆژانە دەیان گەنج کێشەی هەیەو ئەگەر من ئەو بەرهەمانەی دروستی دەکەم، لەگەڵ کێشەو ڕەنگدانەوەی ئەو کێشەیە بێت ئەوا خەڵك گوێ لە بەرهەمەکانم دەگرێو باوەشی بۆ دەکاتەوە، لێرەوە زۆر سوپاسی هونەرمەند (شوانە شێخانی ) دەکەم کە بەسنگێکی فراوانەوە کارەکەی منی قبوڵ کردو زۆری لا جوان بوو، هەرچەندە نەشمدیوە، بەڵام هاوڕێ نزیکەکانی خۆی بۆم دەگێڕنەوە.

**تۆ شانۆکاریشیت کەواتە حەز بە هونەری گۆرانی یاخود شانۆ دەکەی کە زیاتر کاری تێدا بکەیت؟**

ـ من دەڵێم، هونەرماڵێکی زۆر خۆشە، ئەگەر لە هەر ژوورێکی بخەوی خۆشە ئەو ماڵە، کەواتە کارکردن لە هونەری گۆرانی یاخود شانۆ یاخود شێوەکاری گرنگ ئەوەیە، هونەرمەندێکی ڕاستگۆبی، دڵنیام ئەو کاتە ئەو بوارەی تێیدا ئیش دەکەی پێت خۆشە، منیش لە نێوان شانۆو گۆرانیو مۆسیقادا، کۆکردنەوەیەك دەبینم، لەوەی کە من ئەو شتانەی لە شانۆدا فێری بووم، بتوانم لە تەمسیل کردن لە کاتی کلیپدا بتوانم لە کاتی وەستانم لەسەر تەختەی شانۆ بەرامبەر بە خەڵك کە گۆرانی دەڵێم بە کاری بێنم، بتوانم هاوسەنگیەك لە نێوانیاندا دروست بکەم، ئەوە نەبێ کە من بوومە گۆرانیبێژ ئیتر واز لە شانۆ دێنم، بۆیە دەڵێم: هەتا دەمرم ئەگەر بە جەستەش لەگەڵ شانۆدا نەبم، ئەوا بە ڕۆحو گیان لەگەڵیدام.

**ئەگەر ژیان دووبارە گەڕایەوە، بەچی ڕانەگەیشتوی ئەنجامی بدەیت، یاخود شتێك کە لێی پەشیمان بیت چی دەکەی؟**

ـ من بڕواناکەم بێ ڕێزیو بێ شەرمیم لە ژیانمدا بەرامبەر بە کەس کردبێت، ئەگەر کردبێتم داوای لێ بووردن دەکەم، تەنها لەوە پەشیمانم، ئەگەر نا لە هیچ شتێك پەشیمان نیم کە کردوومە، هەرچەندە ژیان ناگەڕێتەوە، ئەگەر گەڕایەوەش هەر وەکو ئێستا دەبمو چۆن بەو سادەو ساکاریەی هەمە هەروا، دەخوازم هونەرمەندێکی پاکم لێدەربچێت.

**ئێستا بەچی سەرقاڵیت؟**

ـ قەرار بوو دوای گۆرانی **دەردی دڵم**، گۆرانیەکی تر تۆمار بکەم،



بەڵام بیرم کردووە کە پارەیەکی باشی دەوێت، بۆیە بڕیارمدا لەگەڵ ئەو برادەرانەی کە پێشتریش یارمەتیان داوم، وەکو سامان عەدنان، بۆتان، سامی کاکەو چەندانی تر ) کە بەڕاستی ئەوانە ڕێنیشاندەری منن، کە کارەکەم ڕاگرم بۆ ئەوەی خۆمان بەباشترو بەرهەمی زیاتر ئامادە بکەین، دەتوانم بڵێم، کارەکانی ئەو (سی دی)ەم تەواو بووەو ئامادەیە.

**دوا پەیامت ؟**

ـ سوپاسی بەڕێزتان دەکەم، دڵنیابە ئەمە بەشێکی زۆر لە ئەرشیفی کاری هونەریم داگیردەکات، سوپاسی هەموو ڕاگەیاندنەکان دەکەم کە لە سەرەتای هاتنم دەستیان گرتم، بەڵێنیش بێت کە هیچ کات خۆم لە ڕاگەیاندنەکان نەشارمەوە دووبارە سوپاس بۆ ئێوەو گۆڤارەکەتان.



هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی رۆشنبیریی

ژمارە: ٣/ ٨٤٣
رۆژ: ٣/ ٦/ ٢٠٠٧

**مـۆڵـەت**

بە پێی برگەکانی یاسایی چاپەمەنی ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٣ و فەرمانی وەزاری ژمارە (٧٧ ٢٥) لە ٢٠/ ٥/ ٢٠٠٧ لەبەر ئەوەی گۆڤاری (**کوێستان**) کەخاوەن ئیمتیازی بەڕێز(علی حسین عثمان)و سەرنووسەرەکەی بەڕێز (جرجیس أبراهیم خضر ) مەرجەکانی یاسایی تێدایە، بۆیە بڕیارماندا مۆڵەتی ژمارە (٧٣٧)ی پێ بدەین.

وەزیری رۆشنبیری